# مۆریشیۆس.... پڵنگەکەی کیشوەری ئەفریقیا



## بە هێواشی بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو دەنێت



حامد موسلیمی

**کۆماری مۆریشیۆس نمونەیەکی دیموکراسی ئەفریقیایی بەرچاوی پێشکەش کردوە؛ لە ڕووی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لە نێوان پارتە جیاجیاکان بە شێوەیەکی دیموکراسیانە. پێکهاتە ئیتنی و زمانەوانی و ئایینیە ئاڵۆزەکەی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەو ڕێچکەیە دروست نەکرد، کە هەر لە دوای سەربەخۆبونیەوە لە 12 ئازاری 1968ەوە گرتویەتەبەر. هەرچەندە زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیشبینی شکستهێنانی نمونەی مۆریشیۆس و هەرەسهێنانیان کرد هەر لە ساتی لە دایکبونیەوە بەهۆی سروشتە فرەییەکەی (ئیتنی، زمانەوانی، ئایینی، دانیشتوان)، هەروەها ئەگەری دورستبونی زنجیرەیەك پشێوی و ئاڵۆزی لەناو وڵات و نا سەقامگیری، سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزی، یان ڕەگەزپەرستی دژی کەمینەکان. هاوکات ئاستەنگەکانی لەبەردەم پرۆسەی گەشەی ئابووری هەبوون، چونکە مۆریشیۆس خاوەنی هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی سروشتی وەك نەوت، یان کەرەستەیەکی سروشتی نییە. بۆیە پێشبینی کرا زنجیرەیەك ئاڵۆزی و پشێوی بەخۆیەوە ببینێ.**

**ئابووری    وڵاتی مۆریشیۆس**

ئابووری مۆریشی تێکڕای گەشەیەکی بەرزی تۆمار کرد، کە لە 5% تێپەڕاند تا ساڵی 2008 بەراورد بە 3.2% وڵاتی باشووری ئەفریقیا. لە نەوەدەکانیش کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لە 100% زیادی کرد تا 2009. داهاتی تاک گەیشتە 500 دۆلار لە 1970 و لە 2016 گەیشتە 9770 دۆلار بە پێی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی. ئابووری مۆریشی لە تەنیا کاڵا و جوگرافیا، کە خۆی لە ئابووری شەکر و هەناردەکردنی بۆ یەکێتی ئەورووپا و بە تایبەتی بۆ بەریتانیا دەبینینەوە، گۆڕا بۆ جۆرەها ئابووری و هاوبەشی بازرگانی. زیاتر پشتی بە چاندنی چەندین جۆرە بەرهەم دەبەست وەک: چا، پیشەسازی خوری. هەروەها گرنگیدان بە کەرتی گەشتیاری، چاکسازیی کردن لە ئەدای کەرتی بانکی و دارایی. مۆریشیۆس بوە ناوەندێکی لۆجیستی بۆ بەستنەوەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا و هیندو چین ــ یش. هەروەها کاری کرد بۆ کەمەندکێشکردنی وەبەرهێنەران بە ڕێگەی هاندەرە باجیەکان و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی حکومی و ڕێگە خۆشکردن و زەمینەسازی کردن بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەشریعی سەرنج ڕاکێش بۆ وەبەرهێنان.

**گەشەی مرۆیی**

تەنیا باشترکردنی ئابووری لە مۆریشیۆس تاکە ئامانجیەک نەبوو بۆ بوژاندنەوەیەکی سەرتاسەری مۆریشیۆس، بەڵکوو باشترکردنێکی هاوسەنگانە لە ئامانجەکانی گەشەسەندنی مرۆیش بەشدار بوو، چونکە ڕێژەی تەمەنی مام ناوەندە پێشبینکراو لە کاتی لە دایکبون لە (62 .93 ساڵ) ساڵی 1968 بۆ (35.74 ساڵ) لە 2016. لە بەرامبەریشدا ژمارەی مردوان زۆر دابەزی بۆ منداڵان بۆ 64 منداڵ لەهەر 1000 منداڵ لە ساڵی 1970 بۆ 15 منداڵ لە 1000 منداڵ لە 2008. لە 100% ئاوی پاک دەگاتە دانیشتوان، بە ڕێژەی لە 103% منداڵان ڕەوانەی قوتابخانە سەرەتاییەکان دەکرێن. لە مۆریشیۆس خوێندن بێ بەرامبەرە تا قۆناغی دوا ناوەندی، بە نزیکەی 3.70 لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ کەرتی پەروەردەیە، ڕادەی هەژاری لە 40% لە ساڵی 1970 دابەزیوە بۆ 0.5% تا ساڵی 2012. بە پێی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی. ڕێژەی بێکاریش لە

**بیوگرافیای ئەمینە غەریب فەقیم سەرۆكی ئێستای وڵاتی مۆریشیۆس**



| | |
|---|---|
| **ناو** | **ئەمینە غەریب فەقیم/ تەمەن 59 ساڵ** |
| لەدایكبوی | 17ی تشرینی یەكەمی ساڵی 1959 لە سورینامی دورگەی مۆریشیۆس |
| پلەی زانستی | بڕوانامەی بەكالۆریۆس - دكتۆرا لە فەلسەفە/ زانكۆی سری، زانكۆی ئەكستیر/ زانا لە بواری بیۆلۆجی - ئەندام لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە و داهێنان (CIDP). |
| باری خێزانی | لە ساڵی 1988 هاوسەرگیری لەگەڵ دكتۆر ئەنوەر فەقیم كردووە. |
| پیشە | سەرۆك كۆمار لە 5ی حوزەیرانی 2015 بەڕێوەبەری جێبەجێكاری سەنتەری توێژینەوە بۆ چارەسەری گژوگیا- مامۆستای وانەبێژ لە مادەی كیمیا و جێگری سەرۆكی زانكۆی مۆریشیۆس |
| كاری سیاسی | سەر بە پارتی سەربەخۆیە |
| ئایین | ئیسلام |
| خەڵات | خەڵاتی (نوبل لوریال) ڕێكخراوی یۆنسكۆی ئەفریقیا لەساڵی 2007. خەڵاتی یەكێتی ئەفریقیا بۆ ژنان لە بواری زانستی لە 2009. |
| كتێب | خاوەنی (28) كتێبە لە بواری پاراستنی جۆری بیۆلۆجی و گەشەی درێژخایەن. هەروەها چەندین وانەی زانستی لە وڵاتانی جیهان پێشكەش كردووە. |

20% لە حەفتاكان گەیشتوەتە لە 5% لە دوا ساتەكانی نەوەدەكان. بە پێی سەرژمێری حكومەتی مۆریشیۆس ڕێژەی بێكاری لەناو ڕەگەزی نێردا لە 4.6% یە و لە ناو ڕەگەزی مێدا لە 10.6% یە.

## هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەدای مۆریشیۆس

بە پێی ئامار و مێژووی سیاسی و ئابووری مۆریشیۆس، بۆمان دەردەكەوێت كە گەلی مۆریشیۆس ڕووبەڕووی ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی زۆر بووەوە.

## بیۆگرافیای پێکهاتەی وڵاتی مۆریشیۆس

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ساڵی **1968** سەربەخۆیی وەرگرتووە، پاش ئەوەی لە لایەن هەریەك لە وڵاتانی هۆڵەندە و فەرەنسا و بەریتانیا لە ماوەی جیاجیادا داگیر کراوە. |   |
| 2 | لە هەردوو دورگەی (مۆریشیۆس و ڕۆدریگز) پێکدێت. لەگەڵ دوو دورگەی تر لە دەرەوەی (ئەگالیگا و سانت براون) و دوو دورگە کێشە لەسەر. | |
| 3 | ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە (1.3) کەس و لە نەژادەکانی هیند و بەنگال و چینی پێکدێت. |  |
| 4 | هیندۆسەکان لە **50**٪ و ئەنسارەکان لە **32**٪ و **17**٪ ئیسلامن. | |
| 5 | زمانی فەرمی مۆریشیۆس کریۆل و ئینگلیزیە، بەڵام زۆربەی دانیشتوانەکە فەرەنسی دەزانن. | |
| 6 | زیاتر لە **50**٪ خاکی مۆریشیۆس بۆ کشتوکاڵ کردنە، شەکریش بە نزیکەی لە **90**٪ زەویەکان دەگرێتەوە لە کۆی کشتوکاڵ کردن. |  |
| 7 | بە پێی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی ئابووری لە **3.5**٪ لە **2015** بەرزبوەتەوە. | |
| 8 | لە کەرتەکانی گەشتوگوزار و تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. | |
| 9 | هەڵکەوتەی جوگرافیای مۆریشیۆس سودی زۆری هەبووە بۆی. چونکە ئەو وڵاتە دورگەیە و لەسەر زەریای هیندە و دیموگرافیاکەشی هەمە جۆرە. |  |
| 10 | خوێندنی سەرەتایی و دوا ناوەندی بە خۆراییە. حکومەتیش پەیڕەوی سیاسەتی بابەندبوون بە خوێندن دەکات لەو قۆناغەدا. ڕێژەی خوێندەواران دەگاتە **60**٪ لە کۆی دانیشتوان. | |

بەڵام توانیویەتی نمونەیەکی دیار پێشکەش بکات لە ڕووی سیاسی، ئابووری. هەروەها نموونەیەکیش لەسەر تێکەڵاوبونی نیشتمانی، بەڵام پێش هەر هەڵسەنگاندنێک لە ئەدای مۆریشی، پێویستە هەندێک سەرنج و تێبینی لەبەرچاو بگرین، کە لە سروشتە ڕیشەدارەکەیدا قابیلی هەموار کردنەوە نییە لە دەوڵەتدا. دواتریش دوورخستنەوەی لە کێشەکانی سنوور و تێکهەڵکێشانی ئیتنی، ئەمە جگە لە نەبوونی هیچ جۆرە گرووپێک

**هێماکانی گەشەی ئابووری مۆریشیۆس**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | کۆی بەرهەمی ناوخۆیی | 23.53 ملیار دۆلار لە 2014<br>22.71 ملیار دۆلار لە 2013<br>22.01 ملیار دۆلار لە 2012 |
| 2 | کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ تاک | 18.700 دۆلار لە 2014<br>18.000 دۆلار لە 2013<br>17.500 دۆلار لە 2012 |
| 3 | تێکڕایی گەشەی ڕاستەقینە | 3.6٪ لە 2014<br>3.2٪ لە 2013<br>3.2٪ لە 2012 |
| 4 | تێکڕای هەڵاوسان | 3.2٪ لە 2014<br>3.5 لە 2013 |
| 5 | دەستی کار | 600.200 لە 2014 |
| 6 | بەرهەمی ناوخۆیی بە گوێرەی کەرتە جیاجیاکان | 4.4٪ کشتوکاڵ<br>22.3٪ پیشەسازی<br>73.3٪ خزمەتگوزارییەکان |
| 7 | کرێیەکان | لە نێوان 300 روپیە بۆ 740 روپیە بۆ فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت |
| 8 | نرخی ڕوپیەی مۆریشیۆس بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی | 1 دۆلاری ئەمەریکی = 35.99 روپیەی مۆریشیۆس |
| 9 | باج و داهاتەکانی تر | 20.7٪ کۆی بەرهەمی ناوخۆی |
| 10 | متمانەی وەبەرهێنەران | بە پێی بانکی نێودەوڵەتی. مۆریشیۆس یەکێکە لەو وڵاتانەی دەرگاکانی والآیە بۆ ئابوورییەکانی بیانی و یەکێکە لە دیاترین ئەو وڵاتانەی پێشنیازی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆی بۆ دێت. |

کە بانگەشە بۆ ئەوە بکات، ئەوان خاوەنی بنەڕەتی ئەو وڵاتەن و مافی تەواوەتیان هەیە، چونکە هەموو هاوڵاتیان بە ڕێگەی کۆچ کردنەوە هاتوون. هەر ئەوەشە وایکردووە هیچ جۆرە بزوتنەوەیەک بۆ ئازادی ئاشتی، یان چەکداری دەربکەوێت و داوای ئازادکردنی خاک بکەن لە داگیرکەر. پاش سەربەخۆبونیش سوپا پێکنەهێنرا، تەنیا هەبونی دام و دەزگای پۆلیسی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی و ئەنجامدانی ڕێککەوتننامە بۆ بەرگریەکی هاوبەشانە لە بەرامبەر ڕوودانی هەر دەستدرێژەیەکی دەرەکی. هەر ئەوەش بووە وایکردووە یارمەتیدەر بێت کە حکومەت سەرجەم ئاڕاستەکانی بەرەو ئابووری بێت و خۆی دوروبخاتە لە ڤایرۆسی کودەتا سەربازییەکان، یان تێچووی زۆر بۆ دروستکردنی سوپا.

**سەرچاوە:**

http://www.qiraatafrican.com/home/new